**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی بـــڕیـــار : ٣٢**
**ڕۆژی بـــڕیـــار : ٢٠٠٣/٢/٦**

**" بـــڕیـــار "**

پشت بـە حوکمـەکانی برگـە (١)ی ماددەی (٥٦) لـە یاسای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سالّی (١٩٩٢) و، لەسـەر داوای ئەنجومـەنی وەزیـران، ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٣/٢/٦)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

ئەم دەسەلاّتانەی خوارەوە دەدرێن بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:

**یەکـەم :** چاوپێخـشاندنەوە بـە کـەم کردنـەوە یـان زیـادکردنی کرێـی ئـەو موڵکانـەی کـە لـە چوارچێوەی سنووری شارەوانییەکاندا بەکرێ دراون، بـە جـۆرێکی ئـەوتۆ کـە لەگـەڵ بـارودۆخی ئابووریی هەرێمدا بگونجێ.

**دووەم :** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**سـێیەم :** هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

**چـــوارەم :** ئـــەم بڕیـــارە لـــە ڕۆژی دەرهێنانییـــەوە دەخرێتـــە بـــەرکارو لـــە(وەقـــایعی کوردستان)دابلاّودەکرێتەوە.

**د.کمـال عبـدالکریم فـؤاد**
**سـەرۆکی ئەنجـومەنی نیشتمانی کوردستانی عێـراق**